# تەماشای شێوازی نوێژکردنی موحەمەدم کرد -صلى الله عليه وسلم- بینیم وەستانی، وڕکوع بردنی، وهەستانەوەی لە ڕکوع بردن، وسوجدە بردنی، ودانیشتنی لە نێوان سوجدەکان، ودانیشتنی نێوان سەلامدانەوە وڕوێشتنی: بە نزیکی هەموو وەکو یەک بوو

لە بەرائی کوڕی عازیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «تەماشای شێوازی نوێژکردنی موحەمەدم کرد -صلى الله عليه وسلم- بینیم وەستانی (قیامی)، وڕکوع بردنی، وهەستانەوەی لە ڕکوع بردن، وسوجدە بردنی، ودانیشتنی لە نێوان سوجدەکان، ودانیشتنی نێوان سەلامدانەوە وڕوێشتنی (بۆ ماڵەوە): بە نزیکی هەموو وەکو یەک بوو (یەکسان بوو لە ماوەدا)». ولە گێڕانەوەیەکدا: «جگە لە وەستان (قیام) ودانیشتن نەبێت، (هەموو حاڵەتەکانی تر) وەکو یەک بوون (یەکسان بوون لە ماوەدا)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

بەرائی کوڕی عازیب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی سیفەتی نوێژکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات بەشێوەیەک کە بە جوانی چاودێری شێوازی نوێژکردنی پێغەمبەری دەکرد -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەوەی ئەمیش بەو شێوەیە نوێژ بکات، وباسی ئەوە دەکات ماوەی هەموو حاڵەتەکان نزیکی یەکتر بوو، وەستانی بۆ خوێندن ودانیشتنی بۆ تەشەهود -تەحیات- گونجاو بوون لەگەڵ ماوەی ڕکوع بردن وهەستانەوە لە ڕکوع وسوجدە بردن؛ بەو شێوەیە نوێژی نەدەکرد کە ماوەی وەستانی درێژ بێت وماوەی ڕکوع بردنی کورت بێت یان ماوەی سوجدە بردنی درێژ بێت وماوەی وەستانی یان دانیشتنی کورت بێت، بەڵکو هەموو ڕوکنێک (حاڵەتێک) گونجاو بوو لەگەڵ ڕوکنەکەی تردا، وئەمیش مانای ئەوەیە نییە کە ماوەی وەستان بۆ خوێندن وبۆ تەشەهود -تەحیات- وەکو ماوەی سوجدە وڕکوع بردن بێت، بەڵکو مانای ئەوەیە کە ڕوکنێکی درێژ نەدەکردەوە وئەوی تر کورت بکاتەوە بەڵکو ماوەکەیان نزیکی یەکتر بوو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3175